**لاوازی ڕاگەیاندنەكانی باشور... بەرامبەر بەشەكانی تری كوردستان....!! م. حەمید عەزیز**

خەڵكی كوردستان... زۆر دڵخۆش بوون بە ئازادی بەشێكی وولاتەكەیان هەمیشە بەوشێوەیە دەیانبینی كە ئە و شەپۆلە ئازادی یە ناوچەكانی ئەوانیش بگرێتە وە و خەوێكی ئاسودە، ببینن و هەندێ لە هەناسە پڕو جوانەكانی سەربەستی و زەماوەندە پڕجۆش و خرۆشەكانی ئادەمیزادی ئەم سەدەیە ببینن. یان بەلایەنی كەمەوە پریشكێك كە هەست بەبوونی یەك نەتەوەیی خۆیان لەو كوردی بوونە بكەن.

بە ڵكو بەپێچەوانەوە لێشاوی ئەو نیمچە ئازادیە بە باشورخۆی ڕەوا نەبینرا ئەی چۆن و چی بەر بەشەكانی دی بكەوێ؟؟.
لەوە ناچێ لەبەرگەندەڵی ئاگایان لە خەڵكێكی تربێت كەناوی كوردە و ناوچەیەكی ترهەیە كە كوردستانە، بەڵكو بەپێچەوانەوە پەیوەندی بەهێزیان هەیە لەگەڵ دوژمنانی بەشەكانی تری كوردستان.

هەر بۆیە ئە و هەموو زوڵمە كەلە ڕۆژهەڵات و باكور هەیە نابینن یان چاو پۆشی لێدەكەن؟. من دڵنیام دەیبینن و چاو پۆشی لیدەكەن چونكە... ! بەرژەوەندی خۆیان و پارتەكەیان لە پێش كورد و كوردستانەوەیە.

هەربۆیە چاویان لە خۆپیشاندانەكانی مهابادو شەمزینان (ئامەد) پۆشی و بە سەربەرزی یەوە لەگەڵ دوژمنەكانیان (دەسەڵاتی فاشیزمی تورك و دەسەڵاتی تاریكی ناجمهوری نائیسلامی و دەسەڵاتە بێ شەرم و دۆڕاوو ناشەرعییەكەی بەشاری منداڵ كار)، پەیوەندی بە قەولی خۆیان.... (دیبلۆماسی) باشیان هەیە.

هەربۆیە بەداخێكی زۆرەوە ئەو سومبول و ئاوات و حەزە جوانانەی كەخەڵكی كوردستان هەیانبوو بەرامبەر بە كوردو شۆڕشی كورد لە باشور هێدی هێدی نەماو بە پێچەوانەوە، ئاواتەكانی گەلی كورد كپ و بێدەنگ بوو، خەڵكی لەوەیش دەترسن كە جارێكی تر ئەو بەشە بچووكە یش نەمێنێ و بگەڕێتەوە باوەشی دوژمنان، چونكە خەڵك متمانەی نی یە بە كارمەندو لێپرسراوانی دەسەڵاتی باشور.

Hamid773@hotmail. com